ســـڕین لوتکەی فاشیزمە

ســـەڵێک لە ئەرکەکانی خۆی بەجێگەیـــاندووە

لیستی گۆڕان بەرلەوەی بگاتە (٢٥)ی مانگ کۆمەڵێک لە ئەرکەکانی خۆی بەجێگەیاندووە، بەکێک لەوانە شلەقاندنی ئەو گومەی کە مەنگبووە، لە ساوەی هەژدە ساڵی رابـردوودا، ئەو شلەقاندنە لـــەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، لـــەڕووی فیکریەوە، لەڕووی ئەو گفتوگۆیانەی کە لە شەقامی کوردیدا، هەتا من دەتوانم بڵێم دروستبوونی لیستی گۆڕان ژیانی خستەوە بەردەم بەکێتی‌و پارتی، چونکە تۆ ئەگەر بەرامبەرت نەبێت بەرامبەرەکەشت بە بێ خەم دەخەوێت، بەڵام ئەگەر تۆ بزانی بەرامبەرت هەیەو داوای سەندنەوەی دەســـەڵات دەکـــات لـــە (٢٥)ی مانگ، ئەوکاتیش تۆ دەبێت لەسەر پێ بووەستیت بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە بپارێزیت، کەواتە لیستی گۆڕان کۆمەڵێک ئەرکی بەجێگەیاند لە چالاککردن‌و لە گەڕاندنەوەی متمانە، من پێشبینی دەکەم پێش شەش مانگ لە ئێستا خەڵکانێکی زۆر بریاری ئەوەیان دابوو کە نەچن بۆ دەنگدان، بەڵام ئێستا دڵنیام ئەوانە (٢٥)ی مانگ بە متمانەیەکی زۆرەوە دەڕۆن بۆ دەنگدان، چونکە لیستی گۆڕان لەوەدا سەرکەوتووبوو کە هەژانێکی خستە ناو کۆمەڵگەی کوردەواری، هەروەها بڵێت ئیرادەی خەڵک خۆی دەتوانێت کۆتایی بەو دەسەڵاتە هەژدە ساڵییە بهێنێت.

رۆژنـــامـــە: بـــە حوکمی ئـــەوەی لە هەڵبژاردنەکانی رابـردوو ساختەکاریی رووبیداوە هەندێک خەڵک ترسی لەوە هەیە، ئایا ئەمجارە وێڕای هەموو ڕێوشوێنەکان ئەگەر ساختەکاریی رووبـــدات، هەست ناکەیت حاڵەتێکی لـــەوەی ئـــێـــران لە کوردستاندا رووبدەات؟

* دەتوانم بە دڵنیایی ئەوە بڵێم کە ئەو حیزبانەلەوەسڵناکەنەوەئەگەربۆیان بکرێت تەزویردەکەن بۆ پاراستنی دەسەڵاتیان، چونکە هەندێک شتی دیکەیان کردووە ناشرینترین لە تەزویر، بۆ نموونە نانبرین، بە بڕوای من نانبرین لوتکەی فاشیزمە، لەڕێگەی نانبرینەوە بریاری هەندێک کەس گەیشتە لوتکە، لەبەرئەوە هەست ناکەم سڵبکەنەوە لە تەزویر ئەگەر بۆیانبکرێت، بەڵام ئێمە هەندێک توانای دیکەمان لەژێر دەستە وەک ئیمکانیاتی بەغدا، کۆمیسۆنی باڵاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هەروەها زیندوویی تاکی کورد، تاکی کوردی ئێستا تاکی کوردی ساڵی (١٩٩٢) نییە، ئێستا شێوەو ڕۆشنبیرییەکی دیموکراتی پەیدابووە، شارەزاییـ‌و ئاشنایی زۆر پەیدابووە سەبارەت بە هەڵبـــژاردن، سەبارەت بە قسەکردنیش لەسەر ساختەکاری ئەوە ئیشی کۆمیسۆنە بەرەچاوکردنی، قەبارەی تەزویرەکە بۆ ئەوەی هەڵبژاردن دووبارەبکرێتەوە، ئەم حاڵەتە بۆ ئەوانیش شتێکی تازەیە کە جورێک لە پێوەردابنێن، هیوادارم ئەوە نەبێتە هۆی دروستبوونی ململانێ‌و کێشەی گـــەورە، لەلایەکی دیکەوە زۆر قسە لەسەر ئەوە دەکرێت لە ئەگەری ئەو حالەتانەی ساختەکاریی، ئەوا ئەوەی لە ئێران رووبداو شەقام هەڵسا، ئەوا لە کوردستانیش دووبارە دەبێتەوە، ئەم بابەتە سیناریۆیەکی کراوەی هەیە رووداڵی دەکەوێتە سەر زۆر هۆ، یەکێک لەوانە ئەوەیە ئاخۆ تا چەند لایەنەکان ئامادەن ململانێکان بەبنە سەر شەقام، بۆ هەر ئەگەرێکی لەو جۆرە هەمووان بە جدی بەرپرسن، بەتایبەت لیستی گۆڕان‌و لیستی کوردستانی‌و چوارحیزبەکە کە بیر لەوە بکەنەوە ئایا ئەگەر ئەوە بکرێت چی ڕوودەدات؟ ئەو لایەنانە تەنیا بەوە سەرقاڵ نەبن کە خەڵک چۆن دەنگدەدات.

رۆژنامە: ئەگەر خەڵک متمانەی بە لیستی گۆڕاندا و بە فەبارەیەکی باش چووە پەرلەمان، تۆ پێشبینی چی لەو لیستە دەکەیت کە مۆدێلی دەسەڵاتی رابردوو دووبارە نەکاتەوە؟

* لەڕاستیدا من دەمێک پێش ئێستا دوو سیناریۆم باسکردووە، ئەوانیش ئەوەیە ئایا لیستی گۆڕان لە پەرلەمان دەبێتە هاوبەشی حکومەت لەپێناو هەندێک پۆستدا یاخود بڕیارێکی کۆتایی هەیە کە ئەو لیستە بە هەر قەبارەیەکەوە بچێتە پەرلەمان، ئەوا وەک ئۆپۆزسیۆن بمێنێتەوە، ئەوەی کە من بیستوومە لە سەرچاوەی زۆر نزیکەوە، ئەوەیە کە ئەوان بڕیاری خۆیان یەکلایی کردووەتەوە، ئەوان ناتوانن ببن بە بەشێک لە دەســـەڵات، بە بۆچوونی من ئەوە پەیامێکی زۆر گرنگەو زۆریش چارەنووسسازە بۆ گۆڕان، بە بۆچوونی من ئەگەر گـــۆڕان بتوانێت ئەو پەیامە دووبـــارەو دە بـــارە بکاتەوە بۆ خەڵکی کوردستان کە ئەوان تەماحیان لە کورسی‌و پارەو دەسەڵات نییە، ئەوەی کە ڕووبداوە دووبـــارە نابێتەوە، پێویستە بڵێن ئێمە خەڵکێکین بە یاسا قسەدەکەین، بۆ ئەوەش هاتووین ئەو کۆمەڵگەیە بە دامەزراوەبکەین لەسەر بنەڕەتێکی مۆدێرن‌و تەندروست کە تاکی کورد هەموو بەهاکانی وەرگرێتەوە، ئامادەیشی هەبێت لەناو سیاسەت‌و بڕیاری سیاسیدا، لەبەرئەوە بەبڕوای خۆم لیستی گۆڕان هیچ ئەلتەرناتیڤێکی دیکەی لەبەر دەستدانییە، تەها ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆن هەڵبژێرێت ئەگەر دەخوازێت کە بەردەوامی بداتە شلەقاندنی ئەو گومە، لەلایەکی دیکەوە دەبێت لەوە ئاگاداربین ئەو جەماوەرەی پشتگیریی لە لیستی گۆڕان دەکات لەوانە تووشی هەمان ئەو گرفتانە ببنەوە کە بەر لە (٢٥)ی مانگ تووشی هاتن، بەتایبەت بابەتی نانبرین‌و گواستنەوە، کەمکردنەوەی پلەی وەزیفی، چەندانی دیکەش، ئەمانە بەردەوام دەبن.

ڕۆژنامە: چۆن دەتوانرێت ئەو حاڵەتە چارەسەربکرێت؟

* من دەتوانم بە ئاسانی ئەوە بڵێم کە ئەگەرلیستی‌گۆڕان‌ئۆپۆزسیۆن‌هەڵبژێرێت، هیچ نەبێت دەتوانێت وەک ڕەوتی سەدری لە پەرلەمانی عێراق کاریگەربێت، ئەوان (٣٠) کورسییان هەیە، بەڵام لە زۆرینەی بریارە چارەنووسسازەکان کلیلەکە لە دەست خۆیاندابووە، کەواتە ئەو شەرەی کە لە شەقامە دەیگـــوازێـــتەوە بۆ ناو پەرلەمان، لەڕێگەی پێداگری لە هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنی دەتوانێت گۆڕانکاریی بکات ئەو گۆڕانکارییەش باجی هەیە، ئەو باجەش ئەو نانبرین‌و گواستنەوەو تا شتی دیکەش، من بەر لە سێ مانگ لەسەر ئەو حاڵەتەم نووسیوە، پێویستە بزانین دەسەڵات دوای (٢٥)ی مانگ ناخەوێت بەردەوامدەبێت لەو کارانە، پێویستە تۆ لە بەرامبەر ئەوەدا لەڕێگەی زمانی یاسا زمانی پەرلەمانەوە بـــوچـــوونـــەکـــانـــت بـــخـــەیـــتـــەڕوو خەتی ئۆپۆزسیۆن هەڵبژێرێت.

ڕۆژنامە: ئایا گـــۆڕان دەتوانێت ئەو ئۆپۆزسیۆنە چالاکە بێت کە ڕێگر بێت لە دووبارەبوونەوەی زۆرێک لە مۆدێلە هەڵەکان؟

* لەڕاستیدا جارێ ئەوە دیارنییە کە ئەنجامەکان چۆن دەبن، بەڵام من باوەڕم وایە ئەوانەی کە بڕیاریاندا بە دەنگو بڕیاری تازەوە بێنە ناو پەرلەمانەوە دەبێت بیریان لەوە کردبێتەوە کە ئامرازەکانی ئەو گۆڕانکارییانە چین، چۆن دەکرێت بەشێک لـــە پـــرۆگـــرامـــەکـــان وەدەســـت بخەین کە دارێـــژراوە، ئەگەر بە دەست نەیەت، دەبێت تۆ ڕێگریی لە دەسەڵاتە گەندەڵەکە بکەیت، واتا ئەگەر لە قۆناغی یەکەمدا لیستی گۆڕان توانی بۆ یەکەمجار لەسەر حکومەتی فەرزبکات کە بودجە لە پەرلەماندا ڕەتنابێت تا دوا دینار حیساب نەکرێت، ئەوە سەرکەوتنێکی مێژوویە، جا ئێمە دەبێت پانتایی سیاسەت پارچە پارچەبکەین، لە جیاتی ئەوەی هەمووی بەیەکەوە گۆڕانکاریی بەسەردا بهێنی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا.

ڕۆژنـــامـــە: ئایا دروستبوونی ئەو بارودۆخەی رابـــردوو هۆکاری لاوازیی گۆمەڵگەیە یان بێمتمانەیی ئەو دەسەڵاتەیە بەرامبەر کۆمەڵگە کە وەک پێویست نەبێت؟

* لەڕاستیدا هەردوو لایەنەکەیە، چونکە ئەگەر دەســـەڵات بزانێت هاونیشتیمانی لەسەر بنەڕەتی پرۆگرامو بیروبۆچوون دەنگی پێدەدات پەنا نابەتە بەر ئەو جۆرە ئامرازانەی کە ئێستا هەیە بۆ دەنگکڕین وەک نانبرین، ترساندن‌و توقاندن، بەڵام کاتێک دەزانـــی ئەو دەنگەی پێ بەدەستنایەت پەنا دەباتە بەر ترساندن‌و توقاندن‌و نانبرین‌و شتی دیکە، بەشینەوەی پـــارەو کەلوپەل، ئەو هەوڵە بۆ کڕینی ئیرادە کە شتێکی زۆر ناشیرینە، ئەوە بەردەوامیە بە ئاراستەی توتالیتاریی‌و سیستمی ئۆتۆکراتی کە بەئیدیعا دەخوازێن کۆمەڵگەکانیان دیموکراتیزەبکەن، بەڵام لە حەقیقەتدا هەر سیستمە ئۆتۆکراتییەکەیە، ئـــەوەی لێرەدا ڕوودەدا جیاناکرێتەوە لەوەی کە لە زۆر وڵاتانی دیکەدا هەیە، ئەو قۆناغە لە حاڵەتی ژانکردندایە بۆ پەرینەوە بۆ قۆناغی دیموکراسی، گۆڕان کۆمەڵگە دەکـــات بە دوو بـــەشـــەوە، بەشێکیان ئەوەیە کە ئێمە لێرەین ئەو لێرەبوونەش دەپارێزین، بەشێکیشیان دەڵێت لەو لێرەبوونە ئێمە ڕازی نین، دەخوازین گۆڕانکاریی بەدەستبێت، لەبەرئەوە ئەو دوو جەمسەربوونەی کۆمەڵگە بۆ ئەوانەی دەخـــوازن گـــۆڕان دروستبێت ئەوانەی نایەنەویێت گـــۆڕان دروستبێت، ئەوا ململانێیەکە کە هیوادارم ئەوە بە پرۆسەی دەنگدان بگات.

ڕۆژنـــامـــە: ئایا ئـــەوەی کـــە گـــۆڕان دروستیکردووە تا چەند تەندروستە، لەکاتێکدا رابـــەرانـــی گـــۆڕان پێشتر مێژوویەکیان هەیە لـــەگـــەڵ حیزبی دەسەڵاتدار؟

* لـــەڕاســـتـــیـــدا ئێمە کێشەیەکی گەورەمان هەیە لەڕووی تێرمۆلۆژییەوە کە جیاوازییەکی گەورەبکەین لەنێوان لەدایکبوون‌و دروستبوون، ئـــەوەی تۆ پێیدەڵێیت دروستکردن من پێدەڵێم لەدایکبوون، جێگەو ڕێگەمان بۆ گۆڕان جیاوازە، دیدی هەردووکمان بۆ گۆڕان جیاوازە، هـــەردوو زاراوەکـــە دروســـتـــە، بەڵام کێشەکە لەسەر ئەوەیە گۆڕان خواستێکی مرۆییە، لەڕاستیدا ئەو خواستە لەناو پـــرۆگـــرامـــی خـــودی ئـــەو حیزبانەشدا هەبووە کە گەندەڵبوون لە دەســـەڵات، ئـــەوان پرۆگرامەکانیان شتێکی جوانە، بەڵام لەو ماوەی هەژدە ساڵەدا ئەوەی کە کردوویانە بەپێی پرۆگرامێکی دیکە کردوویانە کە ئەنووسراوە، لەبەرئەوە گۆڕان بە هەر شێوەیەک هاتبێتە کایەوە گرنگییەکی گەورەی هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەم بزووتنەوەیە پێیەکی لەناو حیزبە پێیەکی لەناو جەماوەرە، هەندێکیان ئەوە بە کەموکورتی دەخوێنەوە، بەڵام بە بڕوای من ئەو خاڵی بە هێزییە، بەهۆی ئەو هەموو گەندەڵی‌و ناعەدالەتییەی کە هەبووە پەیوەندی جەماوەرو حیزب پچڕابوو، ئێستا حیزب پێیەکی لەناو جەماوەرە، ئەم حاڵەتەش لە گرنگی لیستی گۆڕان ئێجگار زیاددەکات، ئەو کادیرەی دوێنێ متمانەی لە دەستدابوو ئەمڕۆ جەماوەر متمانەی پێداوە، هەر کادیرەکەی دوێنێیە، بەڵام هاتووەتە ناو جەماوەرەوە، ئێستاش پێیەکەی لەناو مێژووە، بە بۆچوونی من لیستی گـــۆڕان ئەو جەمسەرەیە کە دەمێک کورد چاوەڕوانی دەکرد، چونکە بووە هۆی تێکشکاندنی ئەو دیوارەی کە دروستبووبوو، چونکە ئێستا دەنگی خەڵک لە دوو ڕووەوە دەبیسترێت، لەڕێگەی پێ ناو جەماوەرو ناو حیزب.

ڕۆژنامە: وەک دەزانیت ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن بەرەو کۆتایی دەچێت، تۆ چ ئاماژەیەکی سەرەتاییت بۆ دەرکەوتووە ئەی رابردوو؟

* ئەگەر لەچاوی وڵاتێکی دیموکراتییەوە سەیری بکەین پرۆسەکە ناتەواوە، چونکە لە هیچ وڵاتێکی دیموکراتدا تاک نانبراو ناکرێت، لەبەرئەوەی ڕای خۆی گۆڕیوە، لە وڵاتی ئێمە ئەو ئازادییە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا بەراوردکردنی باشووری کوردستان لەگەڵ دەوروبـــەرو لەگەڵ هەژدە ساڵی رابـــردوو شێوە گۆڕانکارییەکی بەخۆوە بینیوە، ئەگەر ئێمە چاومان لە موتڵەق بێت، ئەوا دەبێت هەموومان لە ماڵەوە دانیشن ئەوە زۆر ترسناکە، ئەگەر چاومان لەوەبێت بەبێ چـــاوســـوورکـــردنـــەوەو ساختەکاریی هەڵبژاردن بەڕێبکەین دەبێ دەیان ساڵی دیکە چاوەڕێبکەین، بەڵام نابێت چاوەڕێبکەین، دەبێت ئەو تەجروبەیەش بکەین، بە بڕوای من دوو حیزبی دەسەڵاتدار زیاتر لە چەند چانسێکیان بەدەستەوەبوو بۆ نیشاندانی ڕوویـــەکـــی جوانی دەســـەڵات، لـــەوەدا سەرکەوتوونەبوون، تاکی کورد پێویستە شێوە دەسەڵاتەی کە لە ماوەی هەژدە ساڵدا بووە، ئێستا ترسێکی لێپەیدابووە کە لەوانەیە دەسەڵات لە دەستبدات، یان ئۆپۆزسیۆنێکی زیندوو دروستدەبێت کە شەوانەو ڕۆژانە چاودێری دەکاتو چیتر ناهێڵێیت پـــارەی ئـــەم وڵاتـــە تەخشان‌و پەخشان بکات، بەو هۆیەوە ترسی گەیشتوتی، لەبەرئەوە من وتومە دیکتاتۆر هەم دەترسێت هەم دەترسێنێت، ئەگەر دیکتاتۆر زۆر نەترسێت زۆرێش ناترسێنێت، من بەئاسانی دەتوانم بڵێم دەسەڵاتی باشووری کوردستان نەک هەر لە حاڵەتی ترسدا دەژی، بەڵکو لە حاڵەتی هیستریاشدا دەژێـــت، لە وتارێکیشما نووسیومە ئەگەر سەرکردەیەک تووشی هیستریابوو، هەر هەڵەیەک دەتوانێت بیکات، لەبەرئەوەیە من ترسم هەیە.

سەبارەت بە تەندروستی پرۆسەکە؟

*ئەگەر لەچاوی وڵاتێکی دیموکراتییەوە سەیری بکەین پرۆسەکە ناتەواوە، چونکە لە هیچ وڵاتێکی دیموکراتدا تاک نانبراو ناکرێت، لەبەرئەوەی ڕای خۆی گۆڕیوە، لە وڵاتی ئێمە ئەو ئازادییە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا بەراوردکردنی باشووری کوردستان لەگەڵ دەوروبـــەرو لەگەڵ هەژدە ساڵی رابـــردوو شێوە گۆڕانکارییەکی بەخۆوە بینیوە، ئەگەر ئێمە چاومان لە موتڵەق بێت، ئەوا دەبێت هەموومان لە ماڵەوە دانیشن ئەوە زۆر ترسناکە، ئەگەر چاومان لەوەبێت بەبێ چـــاوســـوورکـــردنـــەوەو ساختەکاریی هەڵبژاردن بەڕێبکەین دەبێ دەیان ساڵی دیکە چاوەڕێبکەین، بەڵام نابێت چاوەڕێبکەین، دەبێت ئەو تەجروبەیەش بکەین، بە بڕوای من دوو حیزبی دەسەڵاتدار زیاتر لە چەند چانسێکیان بەدەستەوەبوو بۆ نیشاندانی ڕوویـــەکـــی جوانی دەســـەڵات، لـــەوەدا سەرکەوتوونەبوون، تاکی کورد پێویستە وابیربکاتەوە کە بڵێت باشە هەژدەساڵ بوارمدا بە تۆ سەرکەوتوو نەبووین، من بوار دەدەم بەهێزێکی دیکە با بۆ چوار ساڵی داهاتوو ئەویش خۆی تاقیبکاتەوە، خەڵک لە سیستمی دیموکراتیدا دەڵێت هەرچۆنێک بێت ئەو بەدیلە من دەرفەتی چوار ساڵی داهاتووی پێدەدەم، چونکە هەژدە ساڵ ئەو هیچی نەکرد، وڵاتەکەمی گەندەڵکرد، مرۆڤی ئەو وڵاتەی بێئومێدو متمانەکرد، مرۆڤی منی دابڕاند لە خواستی خەباتو خواستی نەتەوەیی، کەواتە جێگەی خۆیەتی دەنگ بە هێزێکی دیکە بدەم کە خۆی تاقیبکاتەوە، ئەمەش مافێکی دیموکراتییە بۆ تاکو گرووپەکە.

ڕۆژنـــامـــە: لـــە ئێستادا حکومەت بەشێوەیەکی باش کەوتووەتە خزمەتکردنی هاوڵاتییان، پرسیار ئەوەیە بۆ لە ئێستادا، وابیربکاتەوە کە بڵێت باشە هەژدەساڵ بوارمدا بە تۆ سەرکەوتوو نەبووین، من بوار دەدەم بەهێزێکی دیکە با بۆ چوار ساڵی داهاتوو ئەویش خۆی تاقیبکاتەوە، خەڵک لە سیستمی دیموکراتیدا دەڵێت هەرچۆنێک بێت ئەو بەدیلە من دەرفەتی چوار ساڵی داهاتووی پێدەدەم، چونکە هەژدە ساڵ ئەو هیچی نەکرد، وڵاتەکەمی گەندەڵکرد، مرۆڤی ئەو وڵاتەی بێئومێدو متمانەکرد، مرۆڤی منی دابڕاند لە خواستی خەباتو خواستی نەتەوەیی، کەواتە جێگەی خۆیەتی دەنگ بە هێزێکی دیکە بدەم کە خۆی تاقیبکاتەوە، ئەمەش مافێکی دیموکراتییە بۆ تاکو گرووپەکە.

بە بـــڕوای مـــن دوو حیزبی دەســـەڵاتـــدار زیـــاتـــر لـــە چەند چانسێکیان بـــەدەســـتـــەوەبـــوو بـــۆ نـــیـــشـــانـــدانـــی ڕوویـــەکـــی جـــوانـــی دەســـەڵات، لـــەوەدا سەرکەوتوونەبوون، تاکی کورد پێویستە وابیربکاتەوە کە بڵێت باشە هەژدەساڵ بوارمدا بەتۆسەرکەوتوو نەبوویت، من بوار دەدەم بەهێزێکی دیکە با بۆ چوار ساڵی داهاتوو ئەویش خۆی تاقیبکاتەوە